# گەنجو گوتاری پیرسالاریی

جەمال پیرە
*jamalp@hotmail.com*



ئەمڕۆکە ناتوانین گومانمان لە گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردیی هەبێت، بەو مانایەی کە بێ ویستی هیچ لایەکمان قۆناغی ئەمڕۆی ژیانی کۆمەڵگای کوردیی لەبەردەم جووڵەو بزاوتێکی نەوعیدا لەهەنگاوناندایە، ئەمە بەچاوپۆشیی لەوەی کە بپرسین شێوازو تایبەتمەندێتی هەنگاوەکانی گۆڕان لە کام بۆتەی شکلگرتووی خۆیدایە؟! لە ڕاستیدا ئەو بارودۆخەی کە بەسەر ژیانی کۆمەڵگاکەماندا دێت چەندە پەیوەندی بە هەوڵو مەبەستەکانی خۆمانەوە هەیە لەوە زیاتر وابەستەی ئەو هەژانە سەرتاسەرییەیە لە جیهاندا. لەدوای 11ی سێپتێمبەرەوە جیهان سەراسەر خۆی لە کۆتایی سەردەمێكو سەرەتای قۆناغێکی نوێدا دەبینێتەوە، بە شێوەیەك کە دەکرێ پێمانوابێ ناچاری گۆڕانو دەستکاریکردنی کۆی ئەو بونیادو ستراکتۆرانەی پێشووی خۆی بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان لەم گۆڕانانە دەبینن بەشێوەیەك کە هەم هۆکارێکی هاوکارو میکانیزمێکی سەرکەوتووی گۆڕانەکانە بەدەستی مرۆڤەوە هەمیش جورئەتێکی گەورە بە مرۆڤ دەدا لەوەی کە سڵ لە پەیوەندییە سیاسییو ئایدۆلۆژییەکان نەکاتەوە.

یەکێ لەو کاراکتەرانەی ناو کۆمەڵ کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکاندا لەهەوڵی خۆنمایشکردندایەو ڕۆڵی سەرەکی دەستنیشانکردنی گرفتەکانو داڕشتنی نەخشەی ئایندەی پێسپێردراوە کاراکتەری"گەنج"ە، هەڵبەتە ئەو باسە یەکلابۆتەوە کە لەهەر کۆمەڵێکدا ئەم توێژە ڕێگەی لێنەگیراو زەمینەسازی بۆ ئەنجامدرا کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی لێبەرهەمهاتووە بەپێچەوانەشەوە لەهەر کوێیەك سەرکوتو چەپێنراو بووبێتو ئازادی لێ زەوتکرابێت کۆمەڵگایەکی پڕ کێشەو گرفتو ئاژاوەی لێدەرچووەو هاتۆتە ئاراوە، بۆیە من لێرەدا شوێن بۆ بایەخو گرنگی ئەم توێژە داگیرناکەمو نایەم ئامۆژگاریی ئەم مەسەلەیە بنووسمەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دێمە ناو ئەگەرەکانی هەڵچوونو تێکدان لەلایەكو گۆشەگیربوونو سەرهەڵگرتنی گەنجان لەلایەکی تر، لەڕاستیدا ئەوەی لێرەدا بەلامەوە گرنگە بەتاڵکردنەوەی ئەو بۆچونو بیروڕا پیرسالارانەیە کە بنچینەی ڕاستەقینەی کێشەکانی گەنجن، با لەوەوە دەستنیشانی ئەو دیاردە هەستکوژەیە بکەین کە لەبەرچاوی هەمووماندا گوتارێك نەك هەر گەرەکییەتی زاڵ بێت بەڵکو لە ڕێگەی گەمە زمانەوانییەکانەوە دەمامکێکی ساختەی پۆشیوەو توانیویەتی کۆنتڕۆلی ویستو ئارەزووەکانی ئەویدی بکات.

لە زۆربەی ئەو خوێندنەوانەی کە پێشتر لەسەر پرسی گەنج ئەنجامدراون کەمجار ئەوەمان بەرچاوکەوتووە ماناو ڕەهەندەکانی ئەم پرسە زانستییانە شرۆڤە کرابن، کەمتر بیستوومانە خوێندنەوەکان ڕاستییو ڕەوایی مرۆڤی گەنجیان لەخۆوەگرتبێ بەو مانایەی کە سەرجەم دیوەکان لەیەککاتدا بە فۆرمە ڕاستەقینەکانیانەوە نمایشکرابن، هەڵبەتە نەبوونی ئیرادەیەکی ڕاستەقینەش بۆ چارەسەرییو بنبڕکردنی قەیرانی گەنج لەهەر پێگەو کۆمەڵێکدا واتای مایەپوچبوونی سەرجەم ئەو ئیدیعایانە دەگەیەنێ کە بانگەشەی زەمینە ڕەخساندنی کۆمەڵگایەکی ئاسوودە دەکەن. دواجار ئێمە لە نێوان ئەگەرەکانی ویستی رووکەشانەی دەسەلاتو وزەو ئیرادەی یاخیگەرایانەی گەنجو شرۆڤەو لێکدانەوەکانی ڕوناکبیراندا بەردەوام بەناهاوسەنگیو دڵساردییەوە دەمێنینەوە، هەر یەکە لەو لایەنانەی سەرەوە چونکە لە واقیعدا ئارەزوومەندی دیالۆگو لەیەکحالیبوونیان تیا بەدیناکرێت بەردەوام نموونەیەکی نێگەتیڤ پێشکەشدەکەن، دیارە لەوەها حاڵەتێکدا پەنا بردنە بەر گوتارو چەمکە زانستییەکانو دواتر لێوردبوونەوەیان ڕەنگە لەپاڵ ویستی وشیارکردنەوەی کۆمەڵدا هەنگاوێکی شیاو بێ بۆ ئەوەی لانیکەم ئەگەر نەشتوانین ئامانجە ڕاستەقینەکان بگەیەنینە دەسەلات لەدیدگایەکی ڕەخنەییانەوە دەسەلات ناچاری گۆڕان یا هەر نا گوێشلکردن بکرێت، دەکرێ هاوکات لەگەڵ دەرخستنو دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی دەسەلاتدا ڕێنماییو پڕۆژەیەك هەبێ، بەرنامەی ئالتەرناتیڤو هەموارکراو هەبێ، ئەمەش لەبەر دوو هۆ یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئاراستەو هۆکاری ناڕەزایی ڕوونو ڕەوان بێ، دووهەمیشیان بۆ ئەوەی کە شێوازی ناڕەزایەتییەکە نەکەوێتە بەر شالاوی گومانو ناووناتۆرەی هەبوونی دەستی ناحەزو دەرەکی بۆ هەڵنەبەسترێ، ئێمە بە ئەزموون بۆمان سەلمێنراوە کە هەر کاتێك تورەیی هێزی گەنج دەگا بە چلەپۆپەو ئاستی تەقاندنەوەو تێکشکاندنی بێدەنگیی لەجیاتی گەڕان بەدوای چارەسەرییەکی ڕاستەقینەدا بە گێرەشێوێنو تێکدەر ناوزەدکراون، بێگومان ئەمە لەدەرەنجامی کەمتوانایی خوێندنەوەی سروشتی پێکهاتەی گەنجەوە دێتە ئاراوە، هاوکات هەوڵێکیشە بۆ شاردنەوەو بەپاسیڤ هێشتنەوەی وزەی گەنجان، ڕەنگە ئەم هەوڵە تا ماوەیەکی دیاریکراو سەربگرێ بەڵام شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە تا سەر نابێو ڕۆژێکیش بۆ دەرکەوتنی توانا شاراوەکانو ناڕەزایی دەربڕین دێتـ.

کێشەکانی گەنج لەگەڵ گوتاری پیرسالاریدا کێشەگەلێکن بەردەوام شایانی لا لێکردنەوەن، لەبەر زۆروزەبەندیو جۆراوجۆرێتی کێشەکانیش ڕەنگە لێدوانیان بە گشتی کارێکی ئاستەمو ناکامل بێ، بەو پێیەی کە گوتاری پیرسالار لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا وەك کولتورێکی باڵادەست ناسراوە. دیارە کە سەرەکیترین خواستی ئەم گوتارە کە مەسەلەی

خۆبەخاوەنزانینی بەرپرسیارییەتییەکانە، وا دەکەوێتەوە کە ئیدی کەلێنێکی گەورە بکەوێتە نێوان هەردوو نەوەو هاوکات وا دەکات کە دەرەنجامی سەروەریی بەتەنها بۆ نەوەی کۆنو ئەوەی کە بۆ نەوەی نوێش دەمێنێتەوە هیچ نەبێ جگە لە شێوەیەك لە ئیلتیزام، هەڵبەتە ئەم بارودۆخە لەگەڵ وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆماندا نەك هەر ناکۆکە بەڵکو زۆر جار وەك دەیبینین لادانو رووبەڕوبوونەوەیەکی سەرسەختانەی لێکەوتۆتەوە، لە باشترین حاڵەتیشیدا ئەم رووبەڕووبوونەوانە فەزایەکی ئاڵۆزو کەشێکی دوور لە دیالۆگو تۆلێرانسی لێدەکەوێتەوە، ئاشکرایە کە کاردانەوەی گەنجانیش لەماوەی رابردوودا یا سەرهەڵگرتنو جێهێشتنی وڵات بوە یا دەربڕینی نارەزایی لە رێگەی خۆنیشاندانو پڕبەدەم هاوارکردن بووە، با هێزێکی فیکریی دیسپلینکراوی مارکیۆزەئاساش لەپاڵ ئەم هەڵچونانە نەبێ بەڵام راستەوخۆ نارەزایەتییەکان واتای بەسەرچوونی قۆناغی بێدەنگبوونو قەبوڵکردنی چەپاندن دەگەیەنێ ئەمە لەدیوە راستەقینەکەیدا پێماندەڵێ هەموو ئەو ئانو ساتانە بەسەرچوون کە لە بڕی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکان خوتبەیەکی نەتەوەیی شوێنگرەوە بێتو دەمکوتی سەرجەم مۆتیڤەکانی مرۆڤی گەنج بکات، ئەگەر لە رابردوودا ئاستی وشیاریی کۆمەڵی کوردیی ئاستێکی سەرەتایی بووبێ، مومکین نییە لە ئێستادا کە مرۆڤی کورد هیچ نەبێ لەلوتکەی وشیاریی خۆیدا بێتو لەتەك پێشکەوتنو گۆڕانە خێراکاندا تا رادەیەك خۆی گونجاندبێ وا بە ئاسانی دەسبەرداری ئیرادەو ئارەزووە راستەقینەکانی مرۆڤبوونی خۆی ببێت، ئەگەر پێشتر ئێمە بەدەست نەبوونی کێشەیەکی کردارەکی نێوان هەردوو نەوەدا گیرۆدە بووبین بەو مانایەی کە لە واقیعی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئێمەدا شتێك نەبووە بەناوی ململانێ یاخود کێشەی گەنج، یا با بڵێین نغرۆی فەزای بێدەنگی بووبین ئەوا لە ئێستادا بە فیعلی کێشەی گەنج ئامادەیی هەیەو خەریکە ململانێی شارستانیانەش لە نێوان نەوەکاندا چەکەرە بکات، واتا ئیدی سەردەمی شەرمو شاراوەییو دیالۆگو ململانێی ساختە بەسەرچووە، بگرە دەکرێ پێمانوابێ لە هەژاریی نەریتی رەخنەییدا تێپەڕیوین، ئەوەتا نیشانەکانی لەبەرچاوی هەموو لایەکماندا بەزەقی دەرکەوتوون نموونەی خۆنیشاندانەکانو هەبوونی رای جیاوازی گەنجانە لە میدیاکانو بوێری گەنج لە خۆناساندنیان وەك کەسێتییەکی یاخییوهتد...... ئەم گۆڕانانە راستەوخۆ واتای رەتکردنەوەی نەریتی باو دەگەیەنێ هاوکات لەبەرامبەر ترسناکتربوونی گوتاری پیردا وشیارترمان دەکاتەوە، هەیبەتو هەیمەنەی ئەمجارەی گەنج لەوەوە بەدیار دەکەوێت کە دژی دووبارەبوونەوەی مێژووە ئەو مێژووەی بەردەوام نەوەی کۆن وەکو سەروەرییەك بەکاریدێنێتو هەوڵی بۆ دەدا، بێئاگایی گوتاری پیرسالار لەوەدا بەزەقی دەبینرێت کە لەوە ناگات نەوەی نوێ لە شەڕی مومارەسەکردنی تایبەتمەندییەکانی گەنجبوونی خۆیدایەو ئامادەشە لەم شەڕەدا ئەوەی لە توانایدایە بیخاتە گەڕ.